**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە : ٦٨٩ لە٢٠٢١/٣/٢٩**

**بەیانی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٧ لە ٢٠٢١/٣/١٥ )
وە لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی بە نووسراویان ژمارە (١٠٨٧)لە ٢٠٢١/٢/٩ وە پشت بە حوکمی مادده (١٩/یەکەم) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، ئەنجومەنی دادوەری لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٢١/٣/١٥ بە کۆی دەنگ بڕیاریدا بە :-

١- کردنەوەی دادگای تاوانەکان لە پارێزگای هەڵەبجە لەناو سەنتەری پاریزگای هەڵەبجە دەبێت و تایبەتمەند دەبێت بە بینینی داوا سزاییەکان بەپێی یاسا لە سنوری ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە وە دەبەسترێت بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی

٢- ئەم بەیانە جێبەجێدەکرێت لەڕۆژی ٢٠٢١/٣/١٥،وە لەڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە

**دادوەر**
**بنگین قاسم محمد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**بەیان**

ئاماژە بەماددەی هەشتەم لە یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە بەیانی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ بەپێویست زانرا ئەم هەڵەیە راستبکرێتەوە بەم شێوەیە :(یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی **٢٠٠٧**) لەجیاتی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی **٢٠١٣**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٢ لە ٢٠٢١/٣/١٧**

**بەیانی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- هێناکایەی (استحداث ) کردنی هۆبەی (زانیاری ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی توێژینەوە و ڕاهێنان لە دیوانی وەزارەت.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**